# ئایندەی سوریا و پرۆژەی کورد

**دیارە ماوەیەکە کێشەی سوریا ئاڵۆزی و بەشێوییەکی زۆری لە ناوەندەکانی جیهاندا ناوەتەوە، زۆربەی ئاراستەکان بەو ئاقارەدا دەڕۆن کە بارودۆخی سوریا پێتڤییە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆ زیاتر گفتوگۆکردن لەسەر دوو تەوەری گرنگ کە ئایا بارودۆخ و ئایندەی سوریا بە کوێ دەگات و ئەگەر گۆڕانکارییەک هاتە ئاراوا ئایا پرۆژەی کورد لەو گۆڕانەدا چییە بۆ ئەم تەوەرە هەریەک لە بەڕێزان(دکتۆر محەمەد زازاو دکتۆر ڕەزوان عەلی و بابێ نازێ و خاتو کوردستان عەبدوڵلا و دیانا عەبدولقادر و محەمەد ئەمین محەمەد مان هێنایە ئاخاوتن و هەریەکەیان بەجۆرێک ئەم پرسەیان شرۆڤە کرد**

**سازدانی/ نامق هەورامی** **١-٢**



*** دکتۆر محەمەد زازا:** لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا عەبدولحەلیم خەدام و نوێنەرانی ئیخوان موسلیمن لە دەرەوە یەکتریان دی و لە بەلجیکا کۆبوونەوە دیارە ئامانج لەم کۆبوونەوە دانانی پرۆژەیە کە بۆ گۆڕان لە سوریادا لێ مەخابن لەبەرامبەر ئەو خۆئامادەکردنەدا پرۆژەیەک نییە لە لایەن پارتەکانی سوریاوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە، هۆکاری ئەوەش دەگێڕمەوە بۆ پارچە پارچەیی بزووتنەوەی کوردی لە سوریادا کە ئەمەش زیانی گەورەی لە تەڤگەری کوردی لە سوریا داوە.

بۆ نموونە یەکێک لە دەمڕاستەکانی ئەو حزبانە لە ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتدا نوسیبوی پێویستە کورد پراگماتیین، تۆ تەماشەی ئەم لێکدانەوەیە بکات، عەبدولحەلیم خەدام سوریای جێهێشت، لەگەڵ نوێنەری ئیخوان کۆ دەبێتەوە بۆ دانانی پلانێک کەچی ئەو بەڕێزە داوادەکات کورد پراگماتی بن!

بۆیە پێویستە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە سوریا بەهێزتر و تۆکمەتر لە عەبدولحەلیم و ئیخوان موسلمین خۆیان ڕێک بخەن و گرنگی و ئەرکی دۆزی کورد ئەوە دەخوازێت کە هەموان بە پرۆژەیەکی تۆکمەوە خۆمان ئامادەی گۆڕانکارییەکان بکەین چونکە هەر هاوبەندییەک لەگەڵ هەر هێز و لایەنێکدا لە سوریا لەم کاتەدا لە نێو خۆیاندا پارتە کوردییەکان خۆیان یەک نەخەن و یەک گوتاریان نەبێت، ئاسان نییە هەنگاوی لەو جۆرە بنرێت.

بەدڵنیاییەوە لە سوریا گۆڕانکاری دروست دەبێت بەڵام بەداخەوە کورد لەو گۆڕانکارییەدا ئەگەر وەک ئێستە پەرت وبڵاو بن نەک هەر هیچییان دەست ناکەوێت بگرە تووشی زیان و دۆڕاندنی گەورە دەبن.

چونکە پرۆژەی نیشتمانی کوردی ئامادە نییە و هێزەکانی یەکگرتوو نین بۆیە ئەم ترسە هەیە.

وەک دەبینین هێزەکانی کورد لە سوریا زۆر هەڵپەی ئەملاو ئەولا دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مەکسەبی تایبەتی ئەمەش وەک ئەوەیە لەم ڕۆژانەدا کە وێنە کاریکاتۆرییەکانی پێغەمبەری ئیسلام بڵاو بوونەوە و هەرایەکی گەورەی نایەوە لەم ناوەندەدا هەندێک هێز و لایەن و وڵاتی عەلمانی کەوتنە موغازە لەو موجامەلەی ئیسلامییەکان.

دواجار دەمەوێت بڵێم ئەگەر پرۆژەیەکی یەکگرتومان نەبێت ئێستە و پاش گۆڕانکارییەکانیش هەر زیانمەند دەبین.

*** بابێ نازێ/** لە ڕووی سیاسییەوە گەشبین نیم لەو هەرایەی لە سوریا هەیە لە مەڕ گۆڕانکاری و چاکسازی لەوانەیە بگوترێت بۆ؟

چونکە هیچ هێز و لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنی سوری نییە ئەو هێز و توانایەی هەبێت کە بتوانێت لە سوریادا گۆڕانکاری بکەن، لە لایەکی دیکەوە ئایا ڕژێمی سوریا ئامادەیە هیچ ڕیفۆرمێک لە دەسەڵاتدا ئەنجام بدات؟ بێگومان نەخێر.

ئەمەریکییەکانیش پێم وانییە ئامادەبن بە هێزی خۆیان ئەو گۆڕانە بکەن چونکە ئەو ئەزموونەیان لەعێراقەوە وەرگرت کە جگە لە کورد لە عێراقدا ئەمەریکا هیچ دۆستێکی نەبوو، ئەو ئەزموونە لە سوریاش بەوجۆرەیە و ئەگەر لەسوریا ئەو گۆڕانکاریە هاتە پێشەوە کێ دۆستی ئەمەریکایە؟ ئایا ئیخوان موسلیمین هاوکاری ئەمەریکا دەبێت؟ لەم نێوەندەدا تەنیا کورد هەیە بەڵام بەداخەوە تەڤگەری کورد لە سوریا وەک تەڤگەر و هێزە کوردییەکانی باشوور نییە چونکە لێرە هێزی پێشمەرگە توانی خاکی خۆی ئازاد بکات و ئەمڕۆش لەعێراقدا ڕۆڵی کاریگەری هەبێت، لێ لە سوریا ئەو هێزە نییە و ئەمەریکاش ناتوانێت پشتی پێ ببەستێت.

بۆیە ئەگەر ئەمەریکا نەتوانێت لە نێو عەلەویەکاندا کە سوپای سوریا لەدەست ئەواندایە بۆیە ئەگەر لە نێو ئەواندا نەتوانێت هاوسۆزییەک دروست بکات زەحمەتە گۆڕانکاری ڕوبدات، نەک هەر بە سوپای ئەمەریکا ئەگەر ئەو هاوسۆزییە دروست ببێت ئەوا خودی سوپای سوریا دەتوانێت ئەو گۆڕانکارییە بکات.

ئەوەمان لەبیر نەچێت خودی بەشار ئەسەد کەسایەتییەکی لاوازە لەگشت ڕوویەکەوە و ئەوەی بە شاری کردووەتە ئەو سەرۆکەی کە ململانێ بکات لەگەڵ ئەمەریکادا.

هەربۆیە پێم وایە ئەو ڕۆڵە بدرێتە ڕەفعەت ئەسەد، لە بەر ئەوەی هەم عەلەویە و هەم ئۆپۆزسیۆنە لە بنەماڵەکەیاندا.

هەرچی وابەستەیە بە کوردەوە وەک دکتۆر محەمەد ئاماژەی بۆ کرد نە

هێزە کوردییەکان ئەو هێز و ئامادەییەیان تێدایە بتوانن لەو گۆڕانەدا شتێک بۆ نەتەوەکەیان بکەن ئەمەش بە لای منەوە کاریگەرترین فاکتەر ئەوەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوەی سیاسی کوردی لە سوریا تا ئێستا شکڵ و ڕۆخسارەکان نەگۆڕدراون ئەوەش وایکردووە خەڵکی لەوە بەگومان بێت کە دەرفەتی کارکردنی لەو پارتانەدا بۆ دەڕەخسێت.

سەیر لەوەدایە کاتێک تەعریب لە سوریا دەستی پێکرد و ڕژێم بەناوی(حزام الامنی) بە دوەکانی هێنایە سەرخاکی کوردان هیچ کام لەو بزووتنەوانە نەیانتوانی نارەزایی دەربڕن.

ئەگەر ئەو کات دژە هەڵوێست هەبوایە بێگومان ئەمڕۆ متمانە زیاتر دەبوو.

ئێستە ئێمە هێزێکی تری سڤیلمان هەیە کە هێزی ڕۆشنبیرانە ڕۆشنبیران چالاکترن لە خزمەتی تەڤگەرەکەیاندا و ڕۆژێک لەم ڕۆشنبیرانە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی عەرەبدا هاوبەندیان هەیە و توانیویانە دۆستایەتییەک دروست بکەن کە ئەگەر هەر تراژیدیایەک لە بەرامبەر کورد ڕوویدات ئەوانە هەڵوێستیان هەبێت.

**خاتوو کوردستان عەبدوڵڵا:** نامەوێت ئەو قسانە دوبارە بکەمەوە کە باس کران، ڕەوشی کورد لە سوریا ڕەوشێکی نائاساییە، ئەمڕۆش کە گۆشارێک لەسەر سوریا هەیە پرس وڕای لەم جۆرە کارێکی باشە تا نۆارینی کەسانی چالاکی بواری سیاسی وەربگیرێت بۆ ئەوەی بە هەڵەکاندا بچینەوە و خۆمان ڕێکخەین بۆ چێکردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی تا بتوانین لە ئاست گۆڕانکارییەکاندا بوێمان هەبێت من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدانیم کە دەڵێت تەڤگەری کوردی لە سوریا لاوازە، ڕاستە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پەرت و بڵاون بەڵام ئەوانە جەماوەر و گەلی کوردیان لە پشتە، گومانم نییە لەوەی ئەگەر گۆڕانکاری هاتە پێشەوە گەلی کورد لەگەڵ پارتە سیاسییە کوردییەکان هاوکار دەبن.

بێگومان خوشک و برایانمان لە باشووریش هاوکارمان دەبن چونکە ئەمڕۆ باشوور بەتەنیا هەرێمێکی ئازاد و چەند پارتێک نییە، ئەمڕۆ ئێرە دەوڵەتە و دەوڵەتیش شتی باشی پێدەکرێت.

لە ڕووداوەکانی ١٢ئاداردا زۆرێک لە بنکە و بارەگاکانی پۆلیس و حکوومەت لە زۆر ناوچەدا بارەگاکانیان چۆڵ کرد دەیانگوت پێشمەرگە لە کوردستانەوە دێت بۆ هاوکاریکردنی کوردەکان، واتە نەیاران و دوژمنان دەزانن کە ئەگەر پێویستی کرد ئەگەر بەهێز نەبێت تەنیا بە هاوسۆزیش بێت خەڵکی باشوور دەست لە براکانیان لە ڕۆژئاوا بەرنادەن.

هەرچی ئەم گۆڕانکاریەیە کە چاوەڕێی دەکرێت لە سوریا ڕوودات پێویستە بەر لە هەموو شتێک گەلی سوریا بەکورد وعەرەبەوە ساز بکرێت بۆ گۆڕان.

بەڵام گرفتێکی تر هەیە لە لای کوردان ئەویش ئەوەیە لە بری ئەوەی پارتە سیاسییەکان ڕێبەرایەتی بکەن کەچی خەڵک بۆ ئەو گۆڕانە لە پێش پارتەکانەوەیە، بۆیە پێویستە.

بزووتنەوە سیاسییەکەش خۆی یەک بخات و پرۆژەی گۆڕانی هەبێت.

جارێک قاسملۆ لە ڕۆژنامەی(حقر) لێدوانێکی دابوو کە کوردستانی سەربەخۆ و یەکپارچە خەونە، ئەوکات لە سوریا لەسەر ئەم قسەیە وتوویژی زۆر کرا، دەگوترا چۆن بەو جۆرە دەگوترێت، لە کاتێکدا کوردستانی سوریا خاکەکەی بەدەم یەکەوە نییە بەڵام ئەو ڕۆحیەتە هەیە کە دەبێت کورد سەربەخۆ بێت ، پێمان وابوو ئەگەر پارچەکانی تر ئازادن بۆ ئێمە پێش و پەنا دەبن وەک ئەوەی ئێستە لە باشووردا هەیە.

* **دکتۆر ڕەزوان عەلی:** وەک زۆربەی چاودێران دەڵێن پرسی گۆڕان لە سوریا بەڕێوەیە، وەک دەزانین لە ڕێکەوتننامەی سایکسی بیکۆ ناوچە گۆڕانی بە خۆوە بینی بۆیە ئەمڕۆ لە پرۆژەی بە دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناویندا دوبارە گۆڕان دروست دەبێت بەکاریگەری دەرەکی.




بابی نازێ



د.ڕەزوان



دکتۆر محەمەد زازا



کوردستان

خەڵکیشی بەدوای ئەو گۆڕانکارییەدا دەگەڕێ کە بتوانن لێی سوودمەند بن.

بابی نازێ و دکتۆر محەمەد باسی تەڤگەری کوردیان کرد لە سوریا هەر بۆیە خەڵک دەترسن لەوەی ئەم قۆناغەش تێپەڕێت و نەتوانرێت شتێک بۆ گەلی کورد لە سوریا نەکرێت، لەم بارەیەوە ناحەقیان نییە چونکە نە لەباری جڤاتی و لە باری سیاسی و نە دیبلۆماسییەوە ئەو هێزانە نەبوونەتە خاوەن قورساییەکی بەرچاو و لەنێوەندی نێودەوڵەتیدا.

تا ئێستا پرۆژە و پەیڕەوی هەر ١٣پارتەکەی ئێمە لە کوردستانی سوریا بەشێوەی ئینشایان داڕشتن نووسراوە، هۆکارەکەشی سەرەتا هۆکارێکی مێژوویی و جوگرافییە، ئێمە تا ئێستاش چاوەڕێین پارچەکانی تر ئازادمان بکەن نەبووینەتە خاوەنی ئەو جورئەتە کە خۆمان گرفتی خۆمان چارەسەر بکەین.

لە ڕووی جوگرافیشەوە ئێمە خاکەکەمان لە سوریا پارچە پارچە و لێکەوە دوورن و تا ئێستا پارتەکانی سوریا ڕووبەری خاکی کوردستان لە سوریا نازانن و ناوی زۆرێک لە گوندەکانی وڵاتەکەی خۆیان نازانن کەواتە نائامادەگی لە خۆمانەوەیە بۆیە دیراسەکردنی ڕەهەندەکانی ڕابووردو ئێستا و داهاتوو خوێندنەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بۆ مەسەلەکان بکرێت بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەی ڕابردوو بکەینە ئەزموونێک بۆ داهاتوو تا دووبارەیان نەکەینەوە.

ڕەوشی کورد لە سوریا پێمەوایە بەر لەوەی ئەم گۆڕانە ڕوودات پێویستە خۆی یەک بخات تا لە کاروانی گۆڕانکارییەکان دوا نەکەوین.